# دۆناڵد ترەمپ هەڕەشە لە میسر و ئوردن دەکات

سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند، هاوکارییەکانی میسرو ئوردن دەوەستێنێت ئەگەر ئاوارەکانی غەززە وەرنەگرن. میسریش بڕیارەکەی رەتکردووەتەوە.

ئەمڕۆ سێشەممە، دوای ئەوەی دۆناڵد ترمپ سەرۆکی ئەمریکا بڕیاریدا ئاوارەکانی غەززە بنێرێتە میسر و ئوردن و نەگەڕێنەوە بۆ خاکی خۆیان.

لە لایەکی ترەوە بەدرعەبدولعاتی وەزیری دەرەوەی میسر رایگەیاند، ئیدارەی ترەمپمان ئاگادار کردووەتەوە کە وڵاتانی عەرەبی پشتیوانی فەڵەستینییەکان دەکەن و پلانی ترەمپ رەتدەکەنەوە بۆ دوبارە ئاوارەکردنیان و کۆنترۆڵکردنی غەززە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە.

لەبەرامبەریشدا، دۆناڵد ترەمپ دەڵێت، ئەگەر میسر و ئوردن ئاوارەکانی غەززە وەرنەگرن، ئەوا سەرجەم هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئەو دوو وڵاتە رادەگرێت.